www.kurdistannet.org
19-5-2006 21:39 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# تاکەی ئەم گرانی و بی ویژدانیە لەبازارەکاندا.... .... ؟؟ ڕێژین ابراهیم

rezhen@maktoob. com

بی گومان ئەم دنیایەی ئێمەی تیادەژین، هەمیشە هەوڵدان وتێکۆشان بووە، بۆگەیشتن بەلوتکەی ئازادی و مافی خۆمان، بۆگەیشتن بەباریکی لەبار لەپێناوی ئەوەی کەمافمان نەخوریێت، سەر ڕاست بین لەئاستی شتەکانی چوار دەورمان، هەمیشە چاکە بەچاکە بزانین وە خراپەش بەخراپە لەقەڵەم بدەین، ئەگەر بێت و سەیری بازارەکانی ئەمرۆبکەین دەبینین کۆمەڵك دیاردەی ناشرین هەیە ئەویش گرانی نرخی شت و مەك، هەروەها لایەنی ئابوریەکەی بە بەشێکی گرنگی دەزانم باسی لێوە بکەم، ئێستا بازارەکان شڵەژاویەکی پێوە دیارە لەروی ئابوریەوە، کە وەزعێکی نالەبارە بۆ هەرهاوڵاتیان، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆلایەنی فرۆشیارو کڕیاردا دواتر بەئاگانەبوونی دەستەڵا تو حکومەت، چەن قۆناغێکی زۆری دەوێت بۆگەیشتن بەئامانج و ئەوکارانەی کەڕۆژانە پێویستمان پێی! ەتی، ئەمەش وادەکات کەمیللەت چاوەڕوانی هەرزان بونی نرخی شتومەکەکانی ڕۆژانە بکات، هەمیشە لەنێوان چاوەروانیدا بمێنێتەوە، ئەو کەرەستانەی کەئەمرۆ هەریەکە لەئێمە لەژیانی ڕۆژانەماندا پێویستمانە، وەك میوەهاتو سەوزەو خواردەمەنیە سەرەکیەکانی ڕۆژانە، ئەمەش گرانیەکی بی سنور باڵی کێشاوە بەسەریا، ئەگەر بیت و بیر لەڕابردوو بکەینەوە، یەك دوسالْ لەمەو بەر، میللەت لەمقۆمقۆی ئەوەدابون کەحکومەتەدیکتاتۆریە کەی عیراق بروخێت وحکومەتێکی تازە دابمەزرێت، ژیانێکی خۆشتر گوزەرانێکی باشتر بۆمیللەتی کورد برەخسێت، ئەمەش بەهەوڵ وتێکۆشانی گەل ودواتر کاربەدەستان و بەیارمەتی هێزی هاوپەیمانی لە پرۆسەیەی ئازادی عێراقدا بەبەشداری چەندی لایەنی تر هاوکاریان کردن، توانیان عێراق بکەنە عێراقێکی دیموکراسی فرە نەتەوەی، هەریەکەمان ئەوئاواتەمان هاتەدی بەرزگار کردنی گەلی کوردو هەمووگەلی عێراق لەدەست دیکتاتۆریەتی بەعس، بەڕێژەیەکی زۆر خەڵك لەخۆش حاڵیدابون بۆئەوڕۆژە، ئاواتە خواز بوین هەریەکە مان مافێکی خۆمان بدرێتی، هەریەکەمان چاوەروانی ژیانێکی خۆشمان! دەکرد، بۆئەوەی چیدی چاوەڕوانی دەستی هیچ میللەتێك نەبین و خۆمان لەپێن اوی بەرژەوەندیەکانی خۆماندا بژین، ئەوڕۆژەشمان بینی کەچۆن ێدامو داروەدستە بەتەواوی ڕسوابون هەروەها بینیمان کە حکومەتی عێراقی دامەزراو هەڵبژاردنی بۆ کرا سەرۆکێك حکومی عێَراقی دەکرد ئەویش سەرۆکەکەی کورد بوو ئێستاتش ئەوەتا بۆ جارێکی تر حکوم دەکاتەوەو بۆ ماوەی چوار ساڵی ئایندە بەردەوام دەبێت، ئەبێت ئەوڕۆژانەمان لەبیر نەچێت بەڵام ئێستاش تازەبەتازە لەبەردەم قەیرانێکی سلبی داین، کەئەویش ڕۆژانە فرۆشیارەکان بەئارەزوی دڵی خۆیان نرخی کەلوپەل زیاد دەکەن بەبی گوێدانە ئەونرخانەی کەبۆیان دانراوە لەلایەن کاربەدەستانی حکومەتەوە، سەرسام دەبین بەبینینی ئەو ئازادیەی کەلەشت فرۆشتنداهەیە لەناوبازارەکانداهەریەکەلە ئێمە ئەوکەرەستانەی کەپێویستمانە، بەڕێژەیەکی بەرچاو لەگران بوندایە، هەر بۆیەناچار دەبین بەوگرانیەشەوەهەربی کڕین، سەیریەکە لەوەدایە ئەوشتانەی ڕۆژانە پێویستمانە ناتوانین نەی کڕین، بەڵام ئەوکە! لوپەلانەی کەپێویستیەکی ئەوتۆی نیەئەگەر گرانیش بێت ئەتوانین فەرامۆشی کەین، یان نەیکرین ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە ئەبێت ئەوەبزانین هەریەکەمان مافی ئەوەمان هەیە کەبڵێین بەسە تاکەی بی ویژدانی لەنرخی شتومەکەکانی بازاردا، تاکەی لێپرسینەوەیان نەبێت